



ئێزیدیەکان وەك بەشـــێك لە نەتەوەی کورد هەمیشـــە لەلایەن ڕژێمە یەك لە دوایەکەکانی عێراق چەوساونەتەوەو ســـتەمیان لێکراوە، لە سەردەمی عوسمانییەکانیش هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی کوردایەتییان دراوە، بۆیە جگە لە بێبەش کردنیان لە هەموو مافێك و هەوڵدان بۆ سڕینەوە ناسنامەی کوردایەتییان، دووچاری هێرش و کوشتن و بڕین و لەناوبردن و ســـووتانی گوندوشـــارەکانیان بوونەتەوە و هەمیشە لەژێر هەڕەشەدا ژیاون، تەنانەت هەوڵی ئەوە دراوە ناکۆکی و دووبەرەکی بخەنە نێوان ئێزیدی و موسڵمانەکان، بە سوود وەرگرتن لە فاکتەری ئایینی وەك بیانوویەك، بەڵام ئێزیدیەکان و بە پاڵپشتی و هاوکاری بەردەوامی بارزانی نەمر توانیویانە دابونەریتە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکانیان بپارێزن و خۆیان لەبەردەم ئەم هێرش و پەلامارە جۆراوجۆرانەی دوژمنانی میللەتی کورد رابگرن، لەم ســـەردانە مەیدانییەدا تیمی گۆڤاری گوڵان هەوڵیداوە لە نزیکەوە ئاشـــنای چەند دابونەریتێکی تایبەتی ئێزیدییەکان بێت و لە زاری خۆیانەوە بۆ خوێنەرانی بیگوازینەوە.


# دابونەریتی کۆمەڵایەتی ئێ








# زدییەکانی دەڤەری شێخان





بابە شێخ بۆ گوڵان

# لە ئایینی ئێزدیدا شەوی بەرات و لەیلەتول قەدر هەیە، خەڵک چل ڕۆژ لەهاویندا بەڕۆژوو دەبێت چلیش لەزستاندا

**بەدەنگدان بابەشێخ دەست نیشان دەکرێت**

بابەشێخ باسی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی بابەشێخ دەکات و دەڵێت « بۆ دەست نیشانکردنی بابەشێخ ڕای خەڵکی وەردەگرین بۆ ئەوەی کەسێك دەستنیشان بکرێت. پێشتر بابەشێخ پێش ئەوەی بمرێت کەسێکی لە عەشیرەتی خۆی دەستنیشان دەکرد بۆ ئەوەی دوای خۆی جێگای بگرێتەوە بەس سەردەم گۆڕاوە و بەرەو پێشکەوتن چووە، ئێستا بەشێوەی دەنگدان بابەشێخ دەستنیشان دەکرێت، بەڵام ئەو کەسەی دەبێتە بابەشێخ دەبێت لەبنەماڵەی شێخ بێت .

**لەنێو ئێزیدیان دەبێت کچ و کوڕ بەدڵی خۆیان ژیانی هاوسەری پێکبێنن**

بابەشێخ لەبارەی پرۆسەی هاوسەرگیری دەڵێت « دەبێت کچ و کوڕ بە دڵی خۆیان ژیانی هاوسەری پێك بهێنن و یەکترییان بەدڵ بێت، کاتێك کوڕەکە دەچێت بۆ داوای کچەکە دەبێت کوڕەکە ٧٥گرام زێڕ بداتە باوکی کچە، جگە لەوەی کە کچەکە داوای زێڕ دەکات بۆ خۆی، دەبێت کوڕەکە بۆی بکات بەپێی ئیمکانییەتی خۆی. بابەشێخ ئەوەش دەخاتەڕوو کە نابێت پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێوان بنەماڵەی میری بابە شێخ بکرێت، چونکە حەرامە، دەبێت میر لەگەڵ میر ژیانی هاوسەری پێك بهێنێت، شێخیش لەگەڵ شێخ،بەڵام شتێکی ئاساییە ئەگەر کچێك کوڕێکی ئێزیدی خۆشویست وبەخۆشەویستی ژیانی هاوسەری پێکهێنا، کەچی نابێت خۆشەویستی لەگەڵ کەسێك بکات کەلەئاینێکی تر بێت، بۆ نموونە ئەگەر کچەکە یان کوڕەکە لەبنەماڵەی شێخ بوو، خۆشەویستی لەگەڵ یەکێك بکات لەبنەماڵەی میر بێت یان بنەماڵەیەکی تر بێت.

**لەکۆندا دەبا ئافرەت تەنیا چاوی دیاربا**

بابەشێخ لەبارەی پۆشینی جلوبەرگەوە وتی « ئافرەت کڵاو لەسەری خۆیان دادەنێن کە زیوی لەگەڵ دەکەن و لەچکیش لەسەر دەکەن، لەکۆندا ئەگەر کچ با جلو بەرگی سووروسەوز و سپی دەپۆشی و تەنانەت نەدەبا دەمیشی دیار بێت، بەڵام ئەگەر هاوسەری هەبا ئەوا لەچکی دەپۆشی، بەڵام ئێستا ئەم دابونەریتە وەکو جاران نەماوە خەڵك تەنیا بۆ بۆنەکان جلوبەرگی فۆلکلۆری لەبەر دەکەن. لەبارەی ئەو پیاوانەی کە ریشی زۆریان هەیە بابە شێخ وتی « ئەوانە ئەو کەسانەن کە خۆیان تەواو بۆ خزمەتی ئایینەکەیان تەرخان کردووە.))

**ئێمە وەك برا لەگەڵ موسڵمانان دەژین**

بابەشێخ دەڵێت : ئێمە وەك و برا لەگەڵ موسڵمانەکان کارمان کردووەو هیچ کێشەیەکمان نەبووە لەگەڵیان. بە هەمان شێوە لەگەڵ کریستیانەکانیش هیچ کێشەیەکمان نییەو هیچ جیاوازیەکمان نییە لەگەڵ یەکتری و وەك برا دەژین، هەروەها ئێمە کومەڵێك عەشیرەتین هەکاری ژووری، هەتا هەکاری بیلال هەکار تاکو جەبەل حەمرین ئەمانە هەمووی عەشائیرن، هەموو یەك یاساو ڕێسایان هەیە و لەگەڵ یەك دەژین، زۆر ڕێز لەمیری شێخ و ئایین دەگرن، بەڵام یەك دوو گوندی دەوروبەری شنگال دەستووریان وەك ئێمە نییە. بابەشێخ ئەوەش دەخاتەڕوو لەسەردەمی زەردەشتییەکان ئەوان ئاگریان دەپەرست، ئێمەش تاکو ئێستا وازمان لەم دابونەریتەمان نەهێناوە،هەر بۆیەش لەکاتی بۆنەکان هەریەکەو ئاگرێك هەڵدەکەن بۆئەوەی مرازیان حاسڵ بێت. ڕۆژی چوار شەممە ڕۆژی مەجلیسی ڕووحانییە، لەم ڕۆژە خەڵك کارناکات و سەردانی یەکتری دەکەن، هەروەها هەموویان دەچن بۆ لالش، لە ئایینی ئێزدیدا شەوی بەرات و لەیلەتلو قەدر هەیە، خەڵك چل ڕۆژ لەهاویندا بەڕۆژوو دەبێت چلیش لەزستان، ڕۆژوو گرتنەکەش لەبەیانییەوە دەبێت تاکو تاریك دادێت، لەم ماوەیەدا هیچ ناخوات، خەڵکی ئاسایی ساڵی یەکجار بەڕۆژو دەبێت، بەڵام بابەشێخ ساڵی دووجار بەڕۆژوو دەبێت، ڕۆژی جەژن لەم مانگە ٣ ڕۆژە، بەڵام لەمانگی دەدا دە ڕۆژە .


**سێ ڕۆژ چەپڵەڕێزان و هەڵپەرکێیە لە ماڵی زاوا**

عیدە تەمەنی پەنجا ساڵەو لەگەڵ بنەماڵەی خۆی هاتبووە لالش، بۆ ئەوەی خێر بکات و ئاژەڵێکی سەر بڕی بوو و کردبووی بەچێشت، بۆ ئەوەی وەك خێر بیدەن بەخەڵك، کە چووینە لای پورە عیدە بەخۆی بنەماڵەکەیەوە بەدڵێکی خۆشەوە پێشوازی لێکردین، باسی دابونەریتی بووك گواستنەوەی خۆیانی بۆکردین و وتی « لەماڵی زاوا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ هەڵپەرکێ دەکرێت دواتر بەچەپڵەڕێزان دەچین بەدوای بووکدا، ئینجا دەیهێنین. هەیە ئاهەنگەکە دەباتە هۆڵی ئاهەنگ گێڕان، هەشە لە ماڵی خۆی ئاهەنگ دەگێڕێت.کاتێك بووك دێت پێچەی لەسەر دەم وچاوێتی، هەروەها پەردەیەك هەڵدەدرێ وبووك لەژێر ئەم پەردەیە دادەنرێت شیرینی وپارەی بەسەردا هەڵدەدرێت و هەر لەم ڕۆژەدا زاوا زێڕ بەبووکەوە دەکات.



پورە خەمێ:

**لەڕۆژی جەژنی بێلندە دێینە لالش، ئەمڕۆژە هەر کەسە دێت بۆ ئەوەی مرازی خۆی حاسڵ بکات، ئاگر دەکەینەوە، ژن و پیاو لەسەری پاز دەدەن**



### دەستی بووك بەخەنە دەڕازێنرێتەوە

پوورە عیدە وتی « تەنیا لەکاتی دەستنیشان کردن ماڵی زاوا لەگەڵ خزم و کەسەکانی دەچنە ماڵی بووك ئەو کات بووك جلی سووری پۆشیوەو ڕازاوەتەوە،ئینجا خەنەبەندان دەکەن و دەستی لەخەنە دەنێن و جگە لەمەش ئەڵقە لە دەستی بووك دەکەن، هەروەها خەنە بۆ دراوسێکانی ماڵی بووك دەبەن و ئەوکەسانەی کە بانگهێشت کراون بۆ دەستنیشان کردنەکە دیاری دەدەنە بووك، ئەو ڕۆژە بووك نزیکەی بیست ئەنگوستیلەی لەدەست دەکرێت. ئینجا دادوەر دێت مارەبڕی دەکات. «

### نابێت کچ خەتەنە بکرێت

پورە خەمێ کە ئافرەتێکی بەساڵاچووی ئێزدییە دەربارەی هەندێك لە نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکانی ئێزدیان دەڵێت «لەرۆژی جەژنی بێلندە دێینە لالش، ئەمرۆژە هەر کەسە دێت بۆ ئەوەی مرازی خۆی حاسڵ بکات ئاگر دەکەینەوە، ژن و پیاو لەسەری پاز دەدەن بۆ ئەوەی مرازیان حاسڵ بێت، چونکە ئەمە خێری زیاترە. ئەمەش نەریتێکی ئێمەیە. پورە خەمی ئەوەش دەخاتەڕوو کە لەلای ئێمە کچ خەتەنە ناکرێت، چونکە حەرامە بەس کوڕ تا خەتەنە نەکرێت، هیچی بەدەست ناخورێت. پورە، هەروەها باس لەوەش دەکات کاتێك منداڵێك لەدایك دەبێت لە لالش مۆری دەکەن و بەئاوی لالش دەیشۆنەوە. ئەم ئافرەتە وەك باسی دەکات ئێستا خۆکوشتنی ئافرەت و خۆسووتاندن زۆرتر بووە لەجاران، ئەمەش بەهۆی خۆشەویستییەوەیە یان کێشەی هەیە لەگەڵ هاوسەرەکەی و خۆی دەکوژێت.



**پورە عیدە:**

**لەماڵی زاوا بۆ ماوەی سێ رۆژ هەڵپەڕکێ دەکرێت دواتر بەچەپڵەڕێزان دەچین بەدوای بووکدا، ئینجا دەیهێنین**



# منداڵانی ئۆتیزم ژمارەیان لە هەڵکشانەو هەست بە مەترسییەکانی ناکرێت!!!

**ئێوارەیەکیان گزنگی خۆر ماڵئاوایی لە شار دەکرد، لەناو یەکێك لە پارکە ڕازاوەکاندا دەسووڕامەوە، جار بەجار سەرنجم دەدایە ئەو منداڵانەی خەریکی گەمەکردن بوون، لەناکاو منداڵێك سەرنجی منی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، دایك و باوکی ماخۆلانیان پێ کەوتبوو هەر ڕایاندەکرد بەدوایدا و بۆ لای خشخشۆکەکان دەیانهێنایەوە، منداڵەکە هەر لە شوێنی خۆی هەڵدەبەزییەوەو فڕکە فڕکی بە دەستەکانی دەکرد و بێ هۆ دەیقیژاند و جار بە جاریش بە مستان و بە توندی لەسەرو سنگی خۆی دەدا، ئەوانەی لەوێدا بوون هەندێکیان بەحەپەسانەوە لێیان دەڕوانی، هەشیان بوو لەژێر لێوەوە دەیوت (وەیش توخوا ئەوە تەواو نییە) دایك وباوکی ئەم منداڵە بەدەم حەسرەتی ئەوەوەبوون کەمنداڵەکەیان تێکەڵاوی منداڵەکانی تریێت تا بتوانێت وەك ئەوان یاری بکات، بەڵام منداڵەکەیان هەر بەتەنیا بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە و لەگەڵ منداڵەکانی تر تێکەڵاو نەدەبوو، دەمێك دەگریاو دەمێك بەبێ هۆ هاواری دەکرد.**

**فزووڵیانە لە باوکی ئەو منداڵە نزیك بوومەوەو وتم ئەوە کوێی دێشێت؟ وتی هیچ.. (ئەمە ئۆتیزمی هەیە)، ئەوەندە بێتاقەت و بێزاربوو، توانای وەڵامی زیاتری نەبوو پێم بداتەوە، دیار بوو زۆر بێ هیوا بوو، پێش ئەوەی بڕوات بە خەمەوە پێمی وت دەزانی چەند منداڵی وەکو مناڵەکەی من ئۆتیزمیان هەیەو لەپشت دەرگا داخراوەکانەوە سجن کراون و دایك و باوکیان ناتوانن بییان هێننە دەرەوە، دیمەن و قسەکانی ئەو باوکە هێندە کاریگەربوو بڕیارم دا ڕاپۆرتێك لەسەر موعاناتی ئەو خێزانانە ئامادەبکەم کەمنداڵەکانیان ئەم حاڵەتە تەمومژیان هەیە. سەرەتا بە پرسیار زانیم کۆمەڵەیەك هەیە بەو ناوەوە ڕووم لێکردن.**

## دایك وباوکی منداڵی ئۆتیزم ناتوانن بۆ هیچ شوێنێك بچن، ئەو دایك و باوکانە لەپێناوی منداڵەکەیاندا واز لەهەموو شتێك دەهێنن

ڕەشاد محەمەد سەرۆکی کۆمەڵەی ئۆتیزمی کوردستانە، خۆیشی وەك باوکی منداڵێکی ئۆتیزم ئاماژەی بەوەدەدا کە منداڵی ئۆتیزم کێشەی زۆریان هەیە، بەتایبەتی لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، چونکە ناتوانن تیکەڵاوبن لەگەڵ منداڵانی تردا وتوانای دەربڕینیان نییەو ناتوانن قسە بکەن، تەنانەت منداڵی ئۆتیزم ناتوانێت وشەی دایەو بابە بەکاربهێنێت، یەکێك لەو کێشە هەرە سەرەکیانەی کەرووبەڕووی دایك وباوکی منداڵی ئۆتیزم دەبێتەوە ئەوەیە کەمنداڵی ئۆتیزم هەست بە هیچ ناکات، تەنانەت ئەگەر دەست لەسەر ئاگر دابنێت هەستی پێناکات تا دەستی هەمووی نەسووتێت، یان زۆرجار لە پڕێکدا خۆی ڕووت دەکاتەوەو جلوبەرگی خۆی دادەکەنێت و کۆمەڵگەی ئێمەش هیچ زانیارییەکیان لەسەر ئەم نەخۆشیە نییە، بەلای ئەوانەوە دەبێت هەموومنداڵێك شت بزانێت، لەبەرئەوە یەکسەر تانەوتەشەر لەدایك وباوکەکەی دەدەن، ڕەشاد محەمەد ئاماژەی بەوەشدا زۆرجار خۆی ئەوەی بەسەر هاتووە کە منداڵەکەیان هەندێك هەڵسوکەوتی سەیرو نامۆی کردووە، خەڵك بەتێڕامانەوە تەماشایان کردووە، لەبەرئەوە دایك وباوکی منداڵی ئۆتیزم ناتوانن بۆ هیچ شوێنێك بچن، پێویستە ئەو دایك و باوکانە لەپێناوی منداڵەکەیاندا واز لەهەموو شتێك بهێنن.

## دڵنیام حکومەت دەتوانێت سەنتەرێکی وەك ئەوانەی وڵاتانی دەوروبەر دامەزرێنێت!

یەکێك لەو دایکانەی کە لە هەولێر منالی ئۆتیزمی هەیە دایکی پشتیوانە کە یازدە ساڵە بەبەردەوامی بە دوای چارەسەردا دەگەڕێت و دواجار لەو پێناوەدا ماڵ و حاڵیان بۆ کوڕەکەیان فرۆشتووەو چەندین جاریش مناڵەکەیان بردۆتە ئەردەن و ئێران و سووریا، بەم شێوەیە گلەیی و گازندەی هەبوو: ((لەو وڵاتانەی پشتیوانمان بۆ بردون چەندین سەنتەری ڕاهێنان و شیاندنەوە بۆ منالانی ئۆتیزم هەن، ئەو سەنتەرەی لێرەیە لەچاو ئەوانەی ئەواندا کەمووکوڕی هەیە، چونکە نە ژووری تایبەت بە پشکنینی ئەکلینیکی و ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری و دانانی ئۆکسجینی خاوێن لێرە بوونی هەیە، نەپشکنینی نوێی وەك پرۆتۆکۆل دان وبەرنامەی پێس و ئەی بی ئەی بەکاردێنن، نە ئامڕازو گەمەو کەلوپەلی تایبەت بە ڕاهێنانەوەی حاڵەتەکەیان هەیە و نە پسپۆرو کەسانی شارەزای بە ئەزموون بە ئۆتیزمی لێیە، چەندین ساڵە زمانمان سوا هێندە داوای ئەم شتانەمان لە حکومەت کرد تا لە سەنتەرێکی هاوچەرخدا لە هەولێریش هەبن، وەك چۆن توانراوە بڕی سەدوپەنجا هەزاردینار هاوکاری مانگانەیان بۆ ببڕنەوە کە هەر باشە و بەشی حەفازەو شتی تریان دەکات، یان وەك چۆن توانراوە مۆڵەتی بە مووچە بەو دایکانە بدرێت کە فەرمانبەرن و منالی ئۆتیزمیان هەیە، دڵنیام حکومەت دەشتوانێت سەنتەرێکی وەك ئەوانەی وڵاتانی دەوروبەر دامەزرێنێت ئەو کاتە ئێمە نەمۆڵەت و نە هاوکاری ماددیمان ناوێت، چونکە ڕاهێنانیان لە خاوەن پێداویستیەکانی تر زۆر زەحمەتترە، لە دنیاشدا بازرگانییەکی گەورە بەم نەخۆشییەوە دەکرێت و چارەسەری دوادەخرێت، تکادەکەین لێرەش کەس بەناوی ئۆتیزمەوە ڕێکخراوو کۆمپانیا نەژیێنن، با ئاگاداری ئاسمان بن و لە خوا غافڵ نەبن..با حکومەت خۆی بە بەرنامەوە بەم کارە هەستێت و سەنتەرەکە پێشبخات )).

## بەکردنەوەی سەنتەری پێشکەوتوو بەشێ لە کێشەی منداڵەکانمان چارەسەر دەبێت

دەربـــارەی چۆنێتی ڕاهێنانـــەوەی منداڵانی ئۆتیزم مامۆســـتا شێروان عوســـمان وەك باوکی یەکێك لەمنداڵە ئۆتیزمەکان ئاماژەی بەوەدا: کردنەوەی ســـەنتەری پێشکەوتوو لەســـەر شێوازی ئەوروپی یان وڵاتانی دەوروبەر چارەســـەری هەندێك لەکێشـــەی ئەو منداڵانە دەکات، ناوبراو وای دەبینی سەنتەری ڕاهێنانی مۆدێرن دەتوانێت ئەو منداڵانە بگونجێنێتەوە لەگەڵ منداڵانی تردا چونکە ناتوانرێت وەك منداڵانی ئاسایی شتیان فێربکرێت بەڵام بەرێگەی ڕاهێنان دەتوانرێت وەهایان لێبکرێت کەبگونجێن لەگەڵ کۆمەڵگەدا بەجۆرێك لە ئەوروپا زۆربەیان لەئەنجامی ڕاهێنانی بـــەردەوام توانیویانە درێژە بەخوێندن بدەن یان کارێکی دیاریکراو بکەن.

## نەبوونی لایەنی ماددی هۆکارە بۆسەرنەکەوتنی پرۆژەکان

دەربارەی هەنگاونان بۆچارەسەکردنی منداڵانی ئۆتیزم لەلایەن ڕێکخراو سەنتەرە ناحکومیەکانەوە سەیران سەڵاح ئاماژەی بەوەدا بەرلەکردنەوەی سەنتەری ئۆتیزم لە ماوەی رابردوودا ڕێکخراوەکەیان چەند چالاکییەکی بۆمنداڵانی ئۆتیزم ئەنجامداوە، بەڵام ئەوەی ڕێگرە لەســـەرکەوتنی کارەکان نەبوونی ئیمکانیەتە، لەبەر ئەوەی سەرکەوتنی هەموو پرۆژەیەك پێویستی بە لایەنێکی ماددی باش هەیە بۆئەوەی بتوانرێت ئەو پرۆژەیە بەسەرکەوتوویی تەواو بکرێت، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کۆمپانیاو کەسانی خێرخوازیش هەڵنەساون بەهاوکاری کردنی ئەو پرۆژانەی کەتایبەتن بەمنداڵانی ئۆتیزم.

## چارەسەرکردنی هەڵسوکەوت باشترین چارەسەری منداڵانی ئۆتیزمە .

دەربارەی هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی منداڵانی ئۆتیزم دکتۆر ســـیروان کامیل کە پســـپۆڕی چارەســـەری دەروونییە ئاماژەی بەوەدا چارەســـەرکردنی ڕەفتارنوێترین شـــێوازی چارەسەرکردنە بۆمنداڵانی ئوتیزم، وڵاتانی ئەوروپا پشـــت بەم ڕێگەیە دەبەستن بۆ چارەســـەرکردن، چونکە کێشەی ســـەرەکی منداڵانی ئۆتیزم جیاوازی هەڵســـوکەوتیانە لەمنداڵانی تـــر، لەبەر ئەوەش ئەگەر بتوانرێت وەك پێویست چارەســـەری هەڵسوکەوتیان بۆبکرێت ئەوا تارادەیەك توانراوە کێشـــەکانیان چارەسەر بکرێت، بێجگە لەوەی ڕاهێنانەوەیـــان بەچەند قۆناغێکـــە یەکەمیان ڕاســـتکردنەوەی هەڵسوکەوتیەتی، ئەوەی گرنگە لەم قۆناغەدا گونجاندنییەتی لە ناو ئەو ژینگەیەدا کەتیایدا دەژی، منداڵی ئۆتیزم خاوەنی چەنـــد هەڵســـوکەوتێکی تایبەتیـــەو مامەڵەکردنی تایبەتـــی دەوێت، لێرەدا دەبێـــت هەموومان بزانین چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەین و ژینگەیەکی گونجاوی بۆدروست دەکەین.

## منداڵانی ئۆتیزم توانای وردبوونەوەیان لەدەوروبەری خۆیان نییە.

عـــەبـــدوڵـــڵا عـــەبدوڕەحـــمـــان دەربارەی ناسینەوەی منداڵانی ئوتیزم وتی ئەگەر تەماشا بکەین هەموو منداڵێك کۆمەڵێك خەسڵەتی هەیە کـــە لەمنداڵییـــەوە پێی دەناســـرێت، ناتوانـــن وەك منداڵانی ئاسایی قسەبکەن، هیچ جۆرە هەوڵێك نادەن بۆ نزیکبوونەوە لەدایك وباوکیان، هەست بەشتەکان ناکەن و بەگۆشەگیر دەناسرێن، یەکێك لەخاڵە سەرەکیەکانی تریش ئەوەیە ناتوانن لەدەوروپشتی خۆیان ورد ببنەوە، ناتوانن لەشتەکان تێبگەن.

ئۆتیزم هۆکاری زۆرە لەوانە ڕەنگە نەگەیشـــتنی ئۆکسجینی تەواولەکاتـــی لەدایکبوون بۆ منداڵەکەبێـــت یان ژەهراوی بوونی دایك بە هەنـــدێ کانزا لەکاتی دووگیانیـــدا ڕەنگە هۆکارێکی ئۆتیزم بێت، یان دروست بوونی نارێکییەك لە جینەکاندا بێگومان زانینی هۆکاری کێشەکەش تارادەیەك لەچارەسەرکردنی نزیکمان دەکاتەوە، دەربارەی ڕاهێنانەوەی منداڵانی ئۆتیزم چەند هەنگاوێك هەیە دەبێت ئەنجام بدرێت لەوانە پێویستە هەمیشە لە سەنتەرەکاندا دابنرێـــن، ڕۆژانە هەشـــت کاتژمێر بە لای کەمەوە مەشـــقیان بدرێتێ، بۆئەوەی بتوانن لەوێ لە گۆشـــەگیری ڕزگاریان بێت، واتا نابێت لەگەڵ کەسانی ئاســـاییدا منداڵانی ئۆتیزم لەماڵەوە دابنێین،چونکە بەهیچ شـــێوەیەك ناتوانن لەگەڵیاندا تێکەڵاوبن، باشـــترین ڕێگەی ژیانیش چارەسەری کۆمەڵایەتییە، ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە دایك وباوکیان بەبەردەوامی نازیان بدەنێ و بەهیچ شێوەیەك بێنازیان نەکەن. لە دایك و باوك زیاتر کەس تەحەمولیان ناکات، حکومەتیش هاوکاریان بن تا نەکەونە ســـەر شەقامەکان، چونکە ئەم گرفتە کۆمەڵگەیەك سەغڵەت و خەمبار دەکات..





# ژنان تاچەند دەتوانن بژێن




(بژێوی ژیانم بەم کارە بەڕێوە ناچێت ئەمڕۆ بایی سێ هەزار دینار شتم فرۆشتووە) ئەمە قسەی پورە زارێی تەمەن ٧٠ساڵەیە کە نزیکە بیست ساڵە ئەم کارە دەکات و لەپێنجی حەسارۆکان دێتە هەولێر بۆئەوەی شت بفرۆشێت لە یەکێك لە بازاڕەکانی هەولێر و لەمبارەوە دەڵێت « ڕۆژانە هاتۆچۆدەکەم لەگەڵ خەڵك، ماوەی بیست و سێ ساڵە لای هاوسەرەکەم نەماوم، ئەو ژنێکی تری هێناوە، پێنج کچ و کوڕێکم هەیە ئێستا کچان بە شوودراوەو هەروەها کوڕەکەم ژنی هێناوە لەلای کوڕەکەم دەژیم بژێوی ژیانم پێ بەڕێوە ناچێت و ئەمڕۆ بایی سێ هەزار دینارم فرۆشتووە. ڕۆژانە کە شتەکان دەکڕین تا شتەکان دەفرۆشین و ئەوانەی کەدەشمێننەوە لێرە لەنێو شت دەیان پۆشین و بەجێیان دێڵین .حەز ناکەم ئەم کارە بکەم بەڵام ناچارم بۆئەوەی بژێوی ژیانم پێ بەڕێوە بەرم .

ئەم بازاڕە کەپێی دەوترێت (بازاری ژنان) یەکێکە لە بازاڕەکانی هەولێر کە ژنان شت دەفرۆشن



# ...وی ژیانیان پەیدا بکەن؟

وەکو قوماش و ماست و شتی ناوماڵ وەکو قاپ و قاچاخ بۆئەوەی بژێوی ژیانیان پێ بەڕێوە ببەن بەیانیان لەسەعات حەوتی بەیانی دێنەبازار شتەکانی خۆی دەڕازێننەوە لەسەر شەقام و خەڵك شتیان لێدەکڕێت .

**تائێستا تووشی هیچ کێشەیەك نەبوویمە**

نەسرین نووری ئیسماعیل تەمەنی ٤٥ساڵە خەڵکی هەولێرە لەتەیراوە ژیان بەسەر دەبات نزیکەی دە ساڵە ئەم کارە دەکات لەبەر هەتاو دانیشت بوو قوماش وجلی دەفرۆشت کۆمەڵێك ژنی لەدەوره بوو ن شتیان لێدەکڕی کاتێك چووینە لایی سەبارەت بەکارەکەی خۆی وتی « سەرەتا کە دەستم بەم کارە کرد لەدوکانان گۆشتم دەکڕیی و دەفرۆشتەوە، دواتر ڕۆژێك دانیشتم کەسێك ئەویش شتوومەکی دەفرۆشت وتی وەرە جلو بەرگ بفرۆشە منیش دەستم بەم کارە کرد لە خوا بەزیاد بێت تا ئێستا تووشی هیچ کێشەیەك نەبوویمە لەگەڵ کڕیارەکان . نەسرین ئەوەش دەخاتە ڕوو کە بژێوی ژیانی بەمە بەڕێوە ناچێت چونکە خانووەکەم بەکرێیە، هەروەها خاوەن شەش منداڵیشم، هاوسەرەکەشم نەخۆشەو لەماڵەوە کەوتووە کەسی ئیشکەرم نییە لەخۆم زیاتر .

**هەشت منداڵی بێ باوکم هەبوو هەموویانم بە بازاری ژنان بەخێوکردووە**

ئامینە وەسمان تەمەنی ٥٠ساڵە ئەوە بۆبیست ساڵ دەچێت ئەم کارەدەکات دەڵێت « لەڕاپەرینەوە هاوسەرەکەم کۆچی دوایی کردوە، لەو کاتەوە تا ئێستا بەردەوام ئەم کارە دەکەم، ئەوکاتیش جلو بەرگم دەفرۆشت، تائێستاش هەر جلو بەرگ دەفرۆشم . ئەو ژنە ئەوەش دەخاتەڕوو کە بژێوی ژیانی پێبەڕێوە دەچێت و هەشت منداڵی بێ باوکم هەبوو هەموویانم بە بازاری ژنان بەخێوکردووە. ئێستا زۆرباشە بەڵام پێش چەند ساڵ کاتی گرانیەکەی ئەوەندە بژێوی ژیانمان پێ بەڕێوە نەدەچوو، خەڵك زۆر باشن لەگەڵمان لەهەڵسوکەوت کردن . خۆم نەخۆشم ناتوانم زۆرلەماڵەوە بم چونکە دڵم توند دەبێت ئامینە وتیشی « وەك ئەوە وایە خووم بەم کارە گرتبێت، کوڕەکەم زۆر داوام لێدەکات کە ئەم کارە نەکەم، بەڵام وازناهێنم چونکە حەزم لەم کارەیە.

دواتر مریەم نووری محەمەد تەمەن ٧٢ساڵە دەڵێت « ماوەی دووساڵە لەبازاری ژنان لە دەبلیوسی ژنان پاسەوانی دەکات و دەڵێت پێش ئێستا لەشوێنی پاسان بووم بە شێوەی کاتی بەڵام ئەوەندە مووچە بەشم ناکات تەنانەت مەسرەفی هاتوچۆکەشم ناکاتەوە بۆیە شتومەك دەفرۆشم وتیشی هێشتا بەشمناکات، چونکە لەماڵەوە ٨سەرخێزانین هەروەها هاوسەرەکەشم نەماوە منداڵەکانیشم هیچیان خاوەن بڕوانامە نین چونکە هەموویان لەبەر هەژاری وازیان لەخوێندن هێناوە منداڵەکانیشم ڕۆژانە لەبازار بەعەرەبانە شت دەفرۆشن و حەماڵی دەکەن و ماڵمان لەبەستە پیازەیە خانووەکەشم بەکرێیەو ڕۆژانە ئەو پیاوانەی لێرەن شتەکانم بۆدەبەنە ژوورەوە چونکە تەندروستیم باش نییە.



## زەلامەک خ

ب. محەمەد عەبدولعەزیز:

زەلامەکێ ٤٦ سالی، ژ ئەگەرێ نەخۆشیەکا دەروونی، دچیتە د مزگەفتەکێ ڤە و ب ئاگری خۆ د سۆژیت و ئێکسەر پشتی بۆرینا ٨ دەمژمێران و گەهاندنا وی بۆ نەخۆشخانێ گیانێ خۆ ژ دەست ددەت.

کەسەکێ نێزیك روودانێ بۆ گۆڤارا گولان دیار کر، ل رۆژا شەمبی ل دەمژمێر ٢ نیڤرۆ، ژ نیشکەکێڤە زەلامەك دچیتە د ناڤ مزگەفتا





## کوڕێک و کچێک دەکوژرێن

لە گەڕەکی کورانی عەنکاوەی شاری هەولێر کچێك و کوڕێك لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەکوژرێن.

رۆژی ٢٠١١/٧/١٧ کاتژمێر ٩ی بەیانی کوڕێك بەناوی (ع،ص) پیشەی کاسب دانیشتوی کورانی عەنکاوە لەگەڵ کچێکی تەمەن ١٩ ساڵان بەناوی (ك،هـ) کوژراون و هۆکاری کوشتنەکەشیان بۆ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە.

بەپێی راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر تەرمەکەیان رەوانەی پزیشکی دادی کراوە بۆ توێکاری و وتەی داوکاری مافی کەسی کوژراو دایکی (ك،هـ) و داواکاری مافی کەسی باوکی (ع،ص) وەرگیراوە، بەپیێ ماددەی ٤٠٦ دادوەر بڕیاری دا بەلێکۆڵینەوەی کەیسەکەو ناساندنی تاوانبار و دەسگیرکردنی.

## زەلامەکێ ٥٢ سالی کورێ خۆ کوشت و هەڤژینا خۆ ب گرانی بریندارکر



زەلامەکێ ٥٢ سالی پشتی تووشی نەخۆشیەکا دەروونی دبیت و چارەسەریا وی نەهاتیە کرن، ل شەڤا ئەینی، خێزانا خۆ هەمییێ ددەتە بەر گوللەیان و کورێ خۆ یێ ٢٠ سالی دکوژیت و هەڤژینا خۆ بریندار دکەت.

ژێدەرەکی ژ ساخلەمیا زاخۆ بۆ گۆڤارا گولان دیار کر، ئەڤ کەسە ئەڤە ماوەیێ سالەکێ بوو تووشی نەخۆشیەکا دەروونی ببوو، چەندین جاران کەفتیە ژێر چارەسەرییێ ژی بەلێ هەر وەکو خۆ مایە، هەتا ل رۆژا دیار کری، ژ نیشکەکێڤە، دەبانجە شەقاندی و هەڤژینا خۆ یا ٥٠ سالی ب گرانی بریندارکر و نها ل ژێر چارەسەرییێ یە، دیسان کورێ خۆ یێ ٢٠ سالی کوشت و کورەکێ خۆ یێ دی د ژییێ ١٦ سالییێ دا ب سڤکی بریندارکریە و گۆت: (ئەڤ تومەتبارە هاتیە دەستەسەرکرن و کێشە ل ژێر ڤەکۆلینێ یە).

## ئافرەتێک لەلایەن هاوسەرەکەی دەخنکێنرێت

لە گوندی سماقولی گرتك ئافرەتێکی تەمەن ١٨ ساڵان لەلایەن هاوسەرەکەیەوە لە ماڵەکەی خۆی بە لچکەکەی ملی دەخنکێندرێت.

راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند رۆژی ٢٠١١/٧/١٧ ئافرەتێك بە ناوی (س،ع) ژنی ماڵەوە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بەناوی (هـ،ز) تەمەنی ٢٤ ساڵ و پیشەی کرێکارە دەخنکێندرێت، بەپێی وتەکانی تاوانبار «خێزانەکەی خیانەتی هاوسەری لێکردوە و پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کەسێکی دیکە هەبووە بەناوی (س،ص).

دوای دەستگیرکردنی تاوانبارەکان هاوسەری کوژراو (هـ،ز) دانی ناوە بە تاوانەکەی، بەڵام تاوانباری دووەم (س،ص)، نکۆڵی لەوە کردووە کە پێوەندی لەگەڵ ئەو ژنە هەبووبێت.

راگەیاندنی پۆلیسی گشتی هەولێر رایدەگەیەنێت کە لێکۆڵینەوە لە شوێنی ڕوداو دەکرێت و هەروەها لێکۆڵینەوە لە پەڕوەکە لای دادوەر بەردەوامە و بڕیاری بەندکردنی تاوانباری یەکەمی داوە، لەبارەی تاوانباری دووەم بەپیێ ماددەی ٣٧٧ بڕیاردرا بە کردنەوەی کێشەیەکی سەربەخۆ بۆ زانین لە ئەنجامی رووداوەکە.



## ...ۆ د سۆژیت

پیشەسازی یا زاخۆ دا و بێی کو کەسەك د مزگەفتێ دا بیت ئاگری بەرددەتە خۆ و گۆت: (پشتی ئاگر ژ سەرشووری رابووی، خەلك ل دور زڤری و ئاگر ژ وی زەلامی ڤەمراند).

د. محەمەد سالح، رێڤەبەرێ نەخۆشخانا سۆتن و جوانکاریێ ل دهۆکێ دا زانین کو ل رۆژا دیار کری کەسەکێ سۆتی گەهشتە نەخۆشخانا وان، بەلێ رێژەیا سۆتنا وی ١٠٠٪ێ بوو و ئەو نەشیان چارەسەر بکەن.





## سێ کەس د ئاڤێ دا دخەندقن

سێ وەلاتی کو ئێك ژ وان کورە و هەردو یێن دی کچن و دژییێ سنێلەیی دا نە، بەری چەند رۆژەکان دکەڤنە ئاڤێ، تەرمێ هەردو کچان ب مری هاتینە دیتن و تەرمێ وی گەنجی ژی تا نها یێ بەرزەیە.

ئوسمان سەعدی، بەرپرسێ تیما نقومڤانان بۆ گولان دا زانین، دو کچێن بچوك بەری چەند رۆژەکان کەفتبوونە ئاڤا دیجلە د ناڤبەرا وەلاتێن سوریا و عیراقێ دا و پشتی بۆرینا چەند رۆژەکان ژ بەرزەبوونا وان، هەردو خووشك ژ لایێ نقومڤانان ڤە دهێنە دەرێخستن و گیانێ خۆ ژ دەست دابوون.

دیسا ل رۆژا ئەینی ل دەمژمێر سێ نیڤرۆ، ماسیگرەك ل دەڤەرا بەرواری بالا دکەڤیتە ئاڤێ و پشتی بۆرینا چەند دەقیقەکان بەرزەدبیت، ئەڤ ماسیگرە تەمەن ٣٠ سال بوو و تا نها تەرمێ وی ژ ئاڤێ نەهاتیە دەرێخستن.

## دوو دزی ئێرانی و تورکی دەستگیر دەکرێن

رۆژی ٢٠١١/٧/١٤ مەفرەزەکانی پۆلیسی فریاکەوتن دوو ئافرەتی بە رەگەز ئێرانی و تورکی بە تۆمەتی دزی دەستگیر کردووە و رەوانەی نووسینگەی نەهێشتنی تاوان کراون. بەپێی راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر ئەم دوو ئافرەتە هەڵساون بەدزینی ٨٠٠ دۆلاری ئەمریکی لە داد خواز (م،ر،ب) لە ناو دووکانەکەی خۆی لەکاتی پارە گۆڕینەوە لە دوکانی قەساب لە گەڕەکی بەختیاری کاتێك ئەو دوو ئافرەتە سەردانی دووکانەکەی دەکەن بۆ گۆڕینەوەی پارە، پارەکەیان دزیوە.

خاوەن دووکانەکە دەڵێت «یەکێك لەو دوو ئافرەتە وتی: ١٠٠دۆلاری ئەمریکیم بۆ خورد بکەوە، منیش سەرقاڵی خوردکردنەوەی پارەکە بووم هەستم کرد ئەوەکەی تر دەستکاری سندوقی پارەکانم دەکات دوای ئەوە زانیم ٨٠٠دۆلاریان لێ دزیم بەدوایان کەوتووم لە ناو تەکسی هەردووکیانم هێنا خوارەوەو راستەوخۆ یەکیان ٤٠٠دۆلاری پێدام، بەڵام هێشتا ٤٠٠ دۆلار ماوە لە پارەکەم، وتەی تاوانبارانیش وەرگیراوە، بەڵام نکۆڵییان لە تاوانەکە کردووە، بۆیە دادوەر بڕیاریداوە بەپێی ماددەی ٤٤٦ بەند بکرێن تا لێکۆڵینەوە لە کێشەکە دەکات.



## دزیکەرێن شەلاندنا ١١ مالان هاتنە گرتن



١١ مال ژ لایێ سێ دزیکەران ڤە هاتنە شەلاندن، ٧ مال ل تاخێ زەری لاند و (kro) و ٤ مال ل تاخێ سەرهلدان، دو دزیکەر پشتی دو هەیڤان و شەلاندنا ١١ مالان ژلایێ نەهێلانا گونەهباریان ڤە هاتنە گرتن ودان ب هەر ١١ دزیان کریە، دزێ سییێ ژی بەر ب جهەکێ نەدیار رەڤییە. پشتی کێشە گەهشتیە دادگەهێ هەر ئێك ژ وان ب ٥ سال و هەیڤەکێ حوکم بوون.

نوونەرێ رێڤەبەریا نەهێلانا گونەهباریان کو ب گرتنا وان هەردو دزیکەران رابوویە ل دادگەهێ ئامادە بوو و گۆت: ئەو شیان دو دزیکەران بگرن کو ١١ مال ل دهۆکێ شەلاندینە و کۆژمەکێ مەزن یێ پارا و زێرا و کەل و پەلێن ناڤ مالێ دزی بوون، پشتی هاتینە گرتن ژی هەر دو دزیکەرا دان ب تاوانا خۆ کریە و ل نێزیك دێ پەرێن تاوانا وان بۆ دادگەهێ هێنە رەوانەکرن.